## زانكۆ/ سەلاحەددین – هەولێر

## كۆلێژ/ ئاداب

## بەش/ كۆمەڵناسی

## بابەت/ پەرتووكی كۆرسی: تیۆرەكانی كۆمەڵناسی-كلاسیك

## مامۆستای وانە: د. هیوا علی عمر

## كۆرسی دووەم ٢٠٢٣-٢٠٢٤

## پەرتووكی كۆرس
## Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی كۆرس | تیۆرەكانی كۆمەڵناسی هاوچەرخ |
| ٢- ناوی مامۆستای بەرپرس | د. هیوا علی عمر |
| ٣- بەش/ كۆلێژ | كۆمەڵناسی/ ئاداب |
| ٤- ئیمێل | Hewa.omar@su.edu.krd<br>hiwa1975@yahoo.com |
| ٥- یەكەی خوێندن لە هەفتەیەكدا | ٣ كاتژمێر |
| ٦- ژمارەی كاركردن | یەك رۆژ لە هەفتەیەكدا<br>سێ كاتژمێرە |
| ٧- كۆدی كۆرس | |
| ٨- پرۆفایلی مامۆستا | دەرچووی بەشی كۆمەڵناسی (بەكالۆریۆس) لەساڵی (٢٠٠٢-٢٠٠٣)؛ لەساڵی (٢٠٠٩-٢٠١٠) ماستەرنامەم لەهەمان زانكۆ بەدەست هێناوە؛ وە لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) بروانامەی دكتۆرام لە زانكۆی شەهید بهێشتی- تاران بە پلەی نایاب بەدەست هێناوە. سوپاس بۆ خوا |
| ٩. چەمكە سەرەكییەكانی "گۆران كۆمەڵایەتی" | تیۆری زانستی؛ جیهانی كۆمەڵایەتی؛ تیۆری كۆمەڵناسی، نایەكسانی كۆمەڵایەتی؛ هاوبەندی |

| | |
|---|---|
| کۆمەڵایەتی؛ بیرۆکراسی و عەقڵانیەت؛ فۆرمەکانی کەسی و ژیانی کۆمەڵایەتی.. | |

## ١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

دیارە تێگەیشتن لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسی بنەمای تێگەیشتن لە دنیای نوێیە. تیۆرەکانی کۆمەڵناسی ڕۆڵێکی کارایان هەیە کە دروستکردنی ئەو تێڕوانین و ڕوانگانەی کە توێژەرانی دەتوانن لە ڕێگەیەوە:

١. دەتوانن دیاردەکانی لە چوارچێوەیەکی فراوانتر دا ببینن: واتە توێژەرانی دەتوانن دیاردەکان وەک بەسێک لە تابلۆیەکی گشتگیرتر دا وێنا بکەن کە کاریگەری لەسەر دیاردە بەشییەکان دادەنێت.

٢. بینینی ئەو دیاردانەی کە بەئاسایی دێنە بەرچاو کەچی دەکرێت زۆر شت بۆ ئێمە وەک کۆمەڵناس ئاشکرا بکات.

## ١١– ئامانجەکانی کۆرس

لەم کۆرسەدا هەوڵ دەدرێت بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی خوارەوە:

١. ئاشناکردنی قوتابیی بە چەند تێۆریکی کۆمەڵناسی هاوچەرخ

٢. شیکردنەوەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمرۆی کوردستان بەگوێرەی ئەو ڕوانگانە.

٣. هەڵبژاردنی پرسێکی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی ڕوانگە تێۆرییە هاوچەرخەکان.

## ١٢–ئەرکەکانی سیستمی هەڵسەنگاندن قوتابی

- ئامادەبوونی سمینارێک لەسەر یەکێک لە لەلایەن مامۆستاوە دەستنیشان دەکرێت.
- پراکتیزەکردنی تیۆرێکی دیاریکراو کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ناونیشانەی پێشتر کاری لەسەر کراوە یان ناونیشانی تری بۆ دەست نیشان دەکرێت.

| پێوەری هەڵسەنگاندن | پێشکەشکردنی سیمینار بە شێوەی (پرزنتەیشتن) | نووسینی ڕاپۆرتی زانستی | ئەنجامدانی کوێز (Quiz) | تاقیکردنەوەی میدتێرم (Midterm exam) | هەر پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندن (ئەگەر هەبوو) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەر (Final exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرە | | | | ٢٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠٪نمرە |
| | ٥٠ % نمرە | | | | | | |

## ١٣–ڕێگاکانی وانەووتنەوە

وانەکانی بەشێوەی دەرسگووتار بەکارهێنانی داتاشۆ و بەکارهێنانی شێوە و وێنەکانی ڕوونکردنەوە لەسەر وایت بۆرد.

## ١٤–دەرئەنجامەکانی فێربوون

قوتابی ئاشنا دەبێت بە هەندێک بابەتی تیۆرەکانی کۆمەڵناسی هاوچەرخ لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانی، زانینی چەمکە سەرەکییەکانی تایبەت بە تیۆرەکان، ئاشنابوون بە ڕوانگە سەرەکیەکان تیۆری کۆمەلانسی هاوچەرخ کە یارمەتدەرێکی باش دەبێت بۆ قوتابی تاکو بتوانێت فاکتەرەکان و دەرئەنجامەکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و کێشەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردستانی زانستییانەتر بناسێت و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

## ١٥. لیستی سەرچاوە: کۆمەڵێک سەرچاوە دەکرێت بە قوتابی بناسرێت. ئەو سەرچاوانە دەکرێت بە هەر زمانێک بن:


1. Dillon (2014): Introduction to Sociological Theory_ Theorists, Concepts, And Their Applicability To The Twenty-First Century.
2. Abrutyn (2016): Handbook of Contemporary Sociological Theory.
3. Henslin (2014): Sociology; A Down-To-Earth Approach. Core Concepts.
4. Scott (2006) Sociology; The Key Concepts.
5. Applerouth & Desfor (2021): Classical and Contemporary Sociological Theory.
6. Ritzer (2010): Sociological Theory.
7. Kivisto (2020) The Cambridge Handbook of Social Theory. Volume 2_ Contemporary Theories and Issues.

٨. خلیل (٢٠٠٩): ڕەخنەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ، و: شەهلا ولی جەبار.

٩. كۆزەر (٢٠٢٣): ژیان و هزری گەورە كۆمەڵناسان، و: هەورامان فەریق.

١٠. الحوراني (٢٠٠٨): النظرية المعاصرة في علم الاجتماع.

**تێبینی:** هەر سەرچاوەیەكی تر كە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەكانی كۆمەڵناسی هاوچەرخ.

**١٦. ناوەڕۆكی بابەكاتی كۆرس**

١. تیۆری ئەركگەرایی بونیادی و ئەركگەرا نوێیەكان

٢. تیۆری ڕەخنەیی (ماركسییە نوێیەكان)

٣. تیۆری ئاڵوگۆڕی

٤. تیۆری كارلێكی هێمایی

٥. تیۆری فینۆمینۆلۆژی

٦. تەركیبی تیۆری هاوچەخ

| | |
|---|---|
| **١٨-بابەتی پراكتیك (ئەگەر هەبێت)** | پراكتیزەكردنی تیۆری لەسەر چەند پرسێكی كۆمەڵایەتی |
| **١٩-تاقیكردنەوەكان** | |

**مەبەست چییە لە خەیاڵ/ ئەندێشەی سۆسیۆلۆژی؟**

بیركردنەوەی كۆمەڵناسی - سەیركردنی، بە واتایەكی تر" لە ڕوانگەی فراوانتر- بە واتای پەروەردەكردنی چۆنیەتی تێڕوانین و هێزی تەخەییولە. توێژینەوەی كۆمەڵناسی تەنها پرۆسەیەكی ڕۆتینی بەدەستهێنانی زانست نیە. كۆمەڵناس كەسێكە كە توانای ئەوەی هەیە لە دەستبەجێیی بارودۆخی كەسی ڕزگاری بێت و شتەكان بخاتە ناو چوارچێوەیەكی فراوانترەوە. ئەنجامدانی كاری كۆمەڵناسی پەیوەستە بەوەی كە نووسەری ئەمریكی سی. رایت میلز بە خەیاڵی سۆسیۆلۆژی ناوی بردووە. خەیاڵی سۆسیۆلۆژی وامان لێدەكات لە سەرووی هەموو شتەكانەوە، 'خۆمان دوور بخەینەوە' لە ڕۆتینە ئاشناكانی ژیانی ڕۆژانەمان بۆ ئەوەی سەر لە نوێ سەیریان بكەین.

بیر لە كردەوەیەكی سادەی وەک خواردنەوەی كوپێک قاوە بكەرەوە. چی دەتوانین بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی كۆمەڵناسیەوە بڵێین سەبارەت بە پارچە ڕەفتارێكی وەها كە بەڕواڵەت ناسەرنجڕاكێشە؟ بڕێكی زۆر گەورە

**٢٠. تێبینی تر:** نیە

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ:** پ. ی. د. شهلاء ولی جبار